## بۆکان له ئەمرۆ و له مێژوودا (٢٠)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## موکریان ، راپەڕینی وەرزێران و هەوڵدان بۆ چاکسازی لە سەرەوە.

پەیکەری کۆمەڵایەتی و ئابووری موکریان.




راپەڕینی ١٣٣٢ ی هەتاوی، تەقینەوەی ناکۆکی مابەینی دووچینی خاوەن مڵک و وەرزێر بوو. هەرچەند راپەڕینێکی درێژ خایەن نەبوو بەڵام دەنگۆکەی گەیشتە ئاستێکی نێو نەتەوەیی . ناوەندی راپەرینەکە سندووس، دێهاتی ناوچەی فەیزوڵلابەگیی بۆکان و دێبۆکری لە رۆژهەڵات و شیمالی رۆژهەڵاتی مهاباد تا سنووری مامەش و لاجان لە جنووبی نەغەدە بوو.

پێوەندی خاوەن مڵک و وەرزێر چۆنیەتی خاوەنداریەتی زەوی دیاریدەکرد کە گرینگترین ئامرازی بەرهەمهێنانی خۆراک و پۆشاک و مەسکەن بوو. خاوەنداریەتی زەوی هەموو پێوەندی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بەهرەوەرگرتن لە زەوی و دابەشکردنی کار و چۆنیەتی خاوەندار بوونی بەرهەمی کشتوکاڵی شکڵ پێدەدا . زەوی ئ خاوەن مڵک بوو و بۆ بەرهەمهێنان لە ئیختیاری وەرزێری دەنا. وەرزێر بێجگە لە خاوەنداریەتی کاری خۆی و خانەوادەی مەعموولەن خاوەنی ئامرازی کار و بەرهەمهێنانیش بوو وەکوو گاو گاسن بۆ کێڵان و.....بەڵام ئەو دوو خاوەنداریەتیە بە هیچ جۆرێک هاوسەنگ نەبوون و خاوەنداریەتی زەوی بەسەر خاوەنداریەتی ئامرازی کار و هێزی کاردا زاڵبوو. خاوەن مڵک قەت لە بەرهەمهێناندا بەشداری نەدەکرد و کاری جەستەیی بە ئامرازی بەرهەمهێنان شایستەی رەعیەت و حەیوان بوو.

بە هۆی پێشڕەفتی کەمی هێزی بەرهەم هێنەر (تێکنولۆژیی بەرهەمهێنان ، مەهارەت و زانستی بەرهەمهێنان ) و بەسترانەوەی هێزی کاری وەرزێران بە زەوی و خاوەن مڵکەوە کشت و کاڵ کاری زۆری دەویست و رێژەی بەرهەم زۆر لە خواریٚ بوو . بە هەڵکەوت نیە کە ئیجارەی کار (بێگاری) یەک لە مەلزووماتی ئەو شێوە بەرهەمهێنانە (فێئودالیسم) بوو. وەرزێر بە کاری خۆی و بنەماڵەکەی و بە کار هێنانی ئامرازی بەرهەم هێنانی خۆی ، دانەوێڵە و گەنم و جۆی دەدرۆوە و بۆ بژیوی خۆی و زیاتر لە نیازی بژیویی خۆی بۆ وێنە بنەتۆوی وەرزی داهاتوو بەرهەمی هەبوو ئەما پێوەندی ئەو دوو چینە وابوو کە خاوەن مڵک بەرهەمی زیاتر و بەشێک لە بەرهەمی پێویستی وەبەر دەکەوت و وەرزێر لە هەلومەرجێکی فەقیرانە و قەرزداری و ژیانی نەمر نە ژیدا بوو. ئەو ناکۆکیە نێوان توانایی بەرهەمهێنانی وەرزێر و بێ توانایی لە هەڵگرتنی بەرهەمی کار هەموو پێوەندیەکانی لادێی دیاریدەکرد و لە ئەدەبیاتی شفاهی و فۆلکلۆردا بە شێوەی دوژمنایەتی دووچینی ناتەبا و ئاشتی ناپەزیریی ئەوان سەبت کراوە. بوونی ئەو ناتەباییە و بەردەوامبوونی، بە بێ حەللی ئەو ناتەباییە مسۆگەر نەدەبوو . بە کێشرانی ئێران بۆ نێو گێژاوی نیزامی سەرمایەداریی جیهانی ، کێشەکانی چینایەتی لە گوندەکانی ئێران و لە ناوچەی موکریانیش پەرەیگرت و لە هەلومەرجی لەباری ساڵی ١٣٣١ ی هەتاوی (کزبوونی دەوڵەتی ناوەندی ، بەربڵاوی خەباتی توێژەکانی جۆراوجۆری نێو کۆمەڵ ، هەروەها کزبوونی خاوەن مڵکەکان بە هۆی ئەو ئاڵوگۆرانەی رژیم خۆی بە ئەنجامدانیان مەجبوور دەدیت وەکوو قانوونی بیست لە سەد و....بوو بە هۆی راپەڕینی وەرزێران) .

خاوەنداریەتی زەوی لە باری ئابووریەوە بە شکڵی ئیجارەدان بوو (جەبری ئابووری) و لە نەزەر سیاسیەوە بە شکڵی حاکمیەت یا دەسەڵاتی سیاسی خاوەن مڵک بە سەر وەرزێردا و بەسترانەوەی وەرزیر بە خاوەن مڵک و بە زەویەوە(جەبری غەیرەئابووری) . خاوەنمڵک بە گوێرەی گرێبەستی شفاهی و بە لە بەر چاوگرتنی پێنج هۆی بەرهەمهینان (زەوی، ئاو، کار، تۆو، جووت) کام لایەن ئامادەی کردبێ (خاوەن مڵک یا وەرزێر) بەشێک لە کۆی بەرهەمەکەی هەڵدەگرت.

۱، جەبری ئابووری:

یەک سووەمی: خاوەن ملک ،زەوی، تۆو، ئاو، جووت. وەرزیر ، کار. لە سەرەتاوە دوولەدەی بەرهەم ئی خاوەن ملکە ئەوی دیکە نیوە بە نیوە بەینی خاوەن ملک و وەرزێر بەشدەکرێ.

نیوەکاری: خاوەن ملک زەوی، تۆو، ئاو، جووت. وەرزێر کار. لە سەرەتاوە دو لە دەی دەدرێ بە خاوەن ملک و ماباقی نیوە بە نیوە بەینی وەرزێر و خاوەن ملک بەشدەکری.

دەوودوو: خاوەن مک، زەوی ، ئاو . وەرزێر کار، جووت، تۆو. بیست لە سەدی بەرهەم دەدرا بە خاوەن ملک.

ئیجارەی زەوی: بە شکلی جینس (بەرهەم) و لە کاتی خەرمان هەلگرتندا دەدرا. وەرزێر دەبا لە سەر خەرمان پشکێک بدا بە مەلای ئاوایی و لە بەعزە دێیەک بە کەیخودا و میراوی دێش و دەبا قەرزەکانی بداتەوە بە دووکانداری شاری ، ئاشەوان و ....

جەبری غەیرەئابووری

خاوندارییەتی زەوی تایبەت ئی ئەرباب بوو. وەرزێر لە مافی خاوەندارییەتی زەوی بێبەش بوو . ئەوە بنەمای تەفاوەتی سەرەکی ئەو دوو چینە بوو. ئەما بە سەرنجدان بەوەی کە زەمین بە بێ هێزی بەرهەمهێنەر بایەخی نەبوو ، ئەرباب زەمینەکەی لە ئیختیار وەرزێر دەناو بنەماڵەی وەرزێر وەک ئیرس دوای فەوتی ئەویش لە سەر ئەو زەویە دەژیان. وەرزێر بەستراوە بە زەوییەوە بوو و نەدیدەدەتوانی بە بێ ئیازەی ئەرباب یا نوێنەری ئەرباب ئاواییەکە بە جێ بێلێ. تەنانەت سەفەر لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی دیکە بە بێ ئیزنی خاوەن ملک یا نوێنەرەکەی نەدەگونجا ئەو بەستراوەییە بە زەوی و ئەربابەوە هەمە لایەنە بوو و لە سیستمی بەربڵاوی بەهرە کەشیی ئەربابدا بە شێوەی جەبەری غەیرە ئابووری خۆی نیشاندەدا.

جوغرافیای راپەڕین

ساڵی ۱۳۳۱ پێش تەسویبی قانوونی بیست دەرسەد و بە تایبەت دوای ئەوە ناکۆکی ئەرباب و رەعیەت لە سەراسەری ئێراندا پەرەی گرت و شکلی تازەی پەیدا کرد. ناوچە کوردنشینەکانی غەربی ئێران و زیاتر لە هەمان کوردستانی موکری یا موکریان و کوردستانی جنووبی (سنە) مەیدانی بەربڵاوترین خەباتی دیهقانی بوو. کوردستانی موکریان لە شیماڵەوە تا دەریاچەی ورمێ (سندووس و شنۆ) و لە شیماڵی شەرقەوە تا مەراغە و لە جنووبەوە تا سەقز و بانە و لە مەشریقەوە تا سائینقەڵا و مەراغە و لە مەغریبەوە تا خاکی عێراقە. جەمعییەتی شاری مهاباد ۲۰۳۳۲ ، میاندواو۱٤۷۹٦ و شاری بۆکان ۵۳۰۷ کەس بوو. کۆی دانیشتوانی دێهات لەحەوزەی ئەو شارانەدا ۱۹۳۳۱٤ کەس یانی ۸۳ لەسەدی حەوزەی سەرشوماری بوو. ۱۳۱ دێ شووڕای دێیان هەبوو . ۱٤۸ دێ مەدرسەی خوسووسی یا دەوڵەتییان هەبوو ۳۰ دێ کلینیک یا ئیمکاناتی دیکەی پزیشکییان هەبوو. موکریان لە باری سروشتییەوە بە دوو ناوچەی دەشت و کوێستان دابەشدەکرا. و لە نەزەر شێوەی بەرهەمهینانیشەوە دووبەشی عەشیرەیی و فئودالی بوو. ناوچە کوێستانەکان شامیلی عەشیرەتەکانی مەنگوڕ مامەش ، پیران دەمک و سن بوو کە نیزامی بەرهمهێنانی ئەوان دامداری بوو ، مەڕ و بزنەکانیان گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. هەرچەند سیلسیلە مەراتبی عەشیرەیی و جینسیەتی (ژن و پیاو) لە نێویاندا هەبوو ناکۆکی چینایەتی پەرەی نەگرتبوو. پێوەندییەکانیان رەئیس و مەرئووس و پێوەندی قەوم و خیشی بوو. لە دەشتاییەکان نیزامی چینایەتی عومدەتەن کشت و کاڵی بوو (بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و دانەوێڵە) دامداریش بەرهەمهێنانی فەرعی ئەما گرینگ بوو. دابەشکردنی کۆمەڵگا بە ئاغا و رەعیەت و ناکۆکی بەینی ئەوان زۆر ئاشکرابوو. پێوەندی خزمایەتی بەینی ئەو دووچینە وجوودی نەبوو بەستراوەیی وەرزێر بە چینی فێئودال و زەمینەوە هەمەلایەنە بوو.

دولایحەی جێگای موناقەشە.

لە ۲۲ ی موردادی ساڵی ۱۳۳۱ ی شەمسی ، مانگی ئوتی ۱۹۵۲ ی میلادی دوکتور موسەدیق بە کەڵک وەرگرتن لە قانوونی (اعطای اختیارات) بە مونزووری ئیسلاحی پێوەندیەکانی ئەرزی لە لادێ دوو لایحەی بە تەسویب گەیاند :

لایحەی (قانون ازدیاد سهم کشاورزان و سازمان عمران کشاورزی) و لایحەی (الغای عوارض در دهات) . ئەو دوولایحەیە دوای ماوەیەکی کورت هەڵوەشانەوە و بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە دوبارە بە تەسویبی سەرۆکوەزیر گەیشتن. بە گوێرەی لایحەی ئەوەڵ کە بە قانوونی بیست دەرسەد ناوبانگی دەرکرد زێدە پشکی وەرزێر لە بەرهەمی ئەملاکی قابیلی چاندن و عایداتی لەوەڕگەکان و جەنگەڵ و مالوئیجارەی ئاش و شتی دیکە ئاوا دیاریکرا کە بیست دەرسەد لە ئەو پشکەی حەق خاوەن مڵک بوو کەسر دەکرا ونیوەی ئەو پشکە یانی دە دەرسەد دەخرا سەر پشکی وەرزێر و نیوەکەی دیکە بۆ ئاوەدانیی دێ ، دێهستان، و بەخش دەدرا بە سندووقەکانی تەعاونی . بۆ بەڕێوە بردنی ئەو یاسایە سازمانی عومرانی کەشاوەرزی دادەمەزرا کە بریتی بوو لە شوورای دێ ، دێهستان و بەخش. شووڕای دێش بریتی بوو لە سێ نوێنەری وەرزێر ، کەیخودای دێ و نوێنەری مالیک.

لایحەی دووهەم ، غەیری ئەو پشکەی کە خاوەن مڵک لە بەرهەمەکانی (شتوی، صیفی، و باغات و مرتع ) وەبەریدەکەوت ، وەرگرتنی هەموو عەواریز وەک مەڕ ، بەرخ، مریشک ،رۆن، بۆنە و سەرانە و،،،،ی قەدەغە دەکرد هەروەها بێگاریشی قەدەغە دەکرد. و ئەوکەسانەی بە سەر قانوونەکەدا بازیان دابا موجازات دەکران. دادگوستەری ئەرکدار کرا ئەگەر لەو بارەوە شکایەتێکیان کەیشتە دەست بە (قیدفوریت) پێیڕابگا و حوکمی پێویست بدا. و زۆر لەو شتانەی کە مالیک لە ڕێگای جەبری غەیرە ئابووریەوە لە وەرزێرانی وەردەگرت قەدەغە کرا.

هەم تەسویبی ئەدوو قانوونە و هەم بەڕێوەبردنیان لە سەراسەری ئێران و لە بوعدی نێو نەتەوەییدا بوو بە خەباتی سیاسی. وەرزێران لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران لەوەی کە ئەو عەواریزەیان لە کۆڵ بۆوە و بێگاری نەما وپشکیان لەبەرهەمهێناندا زیادی کرد ، پێشوازیانکرد. خاوەن مڵکەکان ئەو دوو لایحەیان بە خەوشدارکردنی مالکیەت دەزانی و بە توندی دژی رادەوەستان.  هێندێ لە رووحانیەکانیش دەخالەتی دەوڵەتی موسەدیقیان لە موناسباتی ئەرزیدا دژی ئوسووڵی ئیسلام دەزانی. حزبی توودەش لە سەرەتادا دژی قانوونی بیست دەرسەد بوو و دەیکوت ئەو لایحەیە لایەنی فریودەرانەی هەیە و مەبەست شلکردنەوەی وەرزێران لە خەبات لە رێگای ئازادی و زەمین دایە. سەرچاوەیەکی حزبیی ئەو سەردەم دەڵێ:

حزب بە جێگای ئەوەی ئەو قانوونی بیست دەرسەدە وەک وەسیلەی موجەهەز کردنی وەرزێران ببینێ ، شعاری داشکاندنی بەهرەی مالیکانە بە میزانی ٥٠ لە سەد و دوایەش نەدانی ئەو بەهرەی مالیکانەیەی بەرز کردەوە. دوایەش لە مەوجی دووهەمی جووڵانەوەکەدا یانی (ساڵی ١٣٢٩ تا کودەتای ٢٨ ی مورددادی ١٣٣٢) ی شەمسی حزب هێندێک ئیسلاحاتی لە رێبازی خۆیدا کرد و شعاری تاکتیکی وەرزێریی خۆی گوڕی و هەمان قانوونی بیست دەرسەدی لە پێناوی رێکخستن و تەجهیزی وەرزێران پەسند کرد. هەڵبەت هەر لە دەستپێکەوە شعاری استراتژیکی حزب کە لە بڵاکراوەکانی حزبدا دەنووسرا تەقسیمی بیلاعەوەزی زەویی خاوەن زەویەکان بوو.

گوواری (خواندنیها) لایەنگری دەربار و مالیکەکان ، شەش رۆژ دوای تەسویبی دوو لایحەکە لە ٢٨ ی مورددادی ١٣٣١ دا لە ژێر عینوانی دوو قانوونی ئەو دواییانە سەبارەت بە کشت و کاڵ لە لایەن مالیکەکانەوە نووسراوە ،نووسیبووی :

ئەملاکی خاوەن مڵک و فێئودالەکان دەبێ بیلاعەوەز دابەش بکرێ . هەروەها نووسیبووی لە سەر یەک رۆژنامەکانی تاران ئەو کارانەی دەوڵەت بە کافی و چارەساز نازانن و پێی داگرتبوو کە ئاغای سەرۆک وەزیر دەبێ هەنگاوی بنەڕەتی تر لەو رێگایەدا هەڵێننەوە . رۆژنامەی کەیهان نووسیبووی:

مادام کە رژیمی مالێک و مەملوک و رەعیەت و ئەرباب لەو وڵاتەدا هەیە نە وەرزێر روخساری ئاسایش و تەسەلی دەبێنێ نە بەرهەمی کشت و کاڵیش زیاد دەکاو نە مەترسی ئەوەزعەش کە وڵاتی خستۆتە خەتەرەوە دەڕەوێتەوە. ئاغای سەرۆک وەزیر بە کەڵک وەرگرتن لە ئیختیاراتی خۆیان دەتوانن کۆتایی بەو بارودۆخە غەمهێنەرە بێنن. یاسای وابێننە گوڕێ کە ببێتە هۆی رەواجی خوردەمالیکی و عەلاقەی وەرزێر بە ئاووزەوی فەراهەم بکا. زەوی دەبێ ئی ئەوکەسە بێ کە بە دەستی قەڵەشیوی خۆی جووتی کردووە ، کشت و کاڵی کردووە و بۆتە هۆی ئاوەدانی. نە خاوەن مڵک و نە دەوڵەت نابی پێیان وابێ کە بەو هەنگاوانەی ئێستا موشکیلاتی ژیانی وەرزێران بە تەواوی حەل بووە .

(خواندنیها) نووسیبووی :

ئەگەر قەرار وابێ مالیکە گەورەکان بەو شتە سادانەی ئێستا ئیکتیفا بکەن ، زۆر سروشتیە وەرزێرەکان دەست بە سەر زەویەکاندابگرن هەروەک چۆن نیشانەکانی لە ئێستاوە لە بوشەهر و کوردستان دەرکەوتووە. ئەگەر ئەورۆ ئەو کارە نەکرێ ڕاپەڕینێکی خوێناوی لە دوارۆژێکی نزیکدا دەست پێدەکاو ئەوکات روون نییە سەربەخۆیی و سوننەتە دینیەکان و نەتەوەییەکانی ملک و میللەت چییان بە سەر دێ.

(باختر امروز) رۆژنامەی جەبهەی میللیش نووسیبووی:

ئەو راستیە دەبێ بە روونی بڵێین کە ئەگەر ئەو دوولایحەیە بە تەواویش ئیجرا بکرێ دیسانیش چینی وەرزێر بەرجەوەندی پێویستی دەگەڵ مالیکە گەورەکاندانییە و مەترسی سەرهەڵدانی شۆرش نارەوێتەوە. کاتێک دەکرێ دێهاتیەکان و وەرزێران بەرجەوەندی هاوبەشیان هەبێ کە زەمینیان بدرێتێ ، گەورەمالیکی سنووردار بکرێ و بنەماکانی فێئوداڵی ریشەکێش بکرێ.

رۆژنامەی (داد) وتەبێژی مالیکەکان و دژبەری حکوومەتی موسەدیق دژی ئەو دوو لایحەیە راوەستابوو بە هۆی ئەوەی پێیان وابوو بە بوونی دەسەڵاتی ژاندارم و پۆلیس شتێک لەو سەدی بیستە وەبەر وەرزێر یا شووڕای دێ و دیهستان و بەخش ناکەوێ . بە وتەی ئەو رۆژنامە یە گەورەترین زۆروێژ بە چینی وەرزێری ئێران ، دەوڵەتە. کە تووتن کیلۆی بە ٣ تمەن لە وەرزێری چارە رەش دەکرێ بە ٣٠ تمەن پێیدەفرۆشێتەوە . بە جێگای ئەو دوولایحەیە دەبێ قانوونێک بێتە ئاراوە کە ئەو پێوەندە نادروستەی کڕین و فرۆشتنە بە تەواوی بگۆڕێ.

رۆژنامەی (شاهد) لە چەند شومارەدا لە دژایەتی لەگەڵ ئەو دوو لایحەیەدا نووسی:

مەسەلەی زەوی و کشت و کاڵ بەو دوو لایحە یە کۆتایی نایا. واوێدەچێ ئەو دوو لایحەیە بە دەستی گەورە مالیکان نووسراوە یان لانی کەم ئاغای موسەدیق راوێژی دەگەڵ کردوون . ئەو لایحە تازانەی دەوڵەت پایە و بنەمای سیستمی زاڵمانەی ئێستا دەست لێنەدراو دەهێڵێتەوە و سنوورداری ناکا . ئەسڵی دابەشکردنی بەرهەم لە سەر ئەساسی دابەشکردنی پێنج لایەنە بە رەسمیەت دەناسێ. دەسەلاتی جۆراوجۆری مالیکەکان وەک جاران دەمێنێتەوە و تەنانەت باری قانوونیشی پێدەدرێ و عەوارێزی تازە لە جووتیاران وەردەگرێ.

رۆژنامەی (ضداستعمار) ، رۆژنامەی حزبی توودە کە بە جێگای رۆژنامەی قەدەغە کراوی بە (سوی آینده) لە چاپ دەدرا نووسیبووی:

ناوەرۆکی ئەو لایحانە دەریدەخا مەبەست غەیری تەسبیتی وەزعی مالیکەکان و فشاری زیاتر خستنە سەر شانی بێتوانای وەرزێران شتێکی دیکە لە ئارادانیە. ئەورۆ ئیدی بۆ وەرزێران مەسەلەی پازدە دەرسەد و دە دەرسەد لە گۆڕێ دانییە. وەرزێرانی ئێران بۆ بە دەستەوە گرتنی زەمین و شکاندنی نیری قودرەتی گەورە مالیکەکان و فئۆداڵەکان و لە بەین بردنی ماوەی خانخانی تێدەکۆشن . مڵکی گەورەمالیکەکان دەبێ بە خۆڕایی لە وەرزێران دابەش بکرێ.

بەوجۆرە هەم رۆژنامەی محافەزەکاری (کیهان) و هەم جەبهەی میللی(باختر امروز) روونکردنەوەیاندا ئەگەر مەسەلەی ئەرزی حەل نەکرێ وەرزێرانی تەواوی ولات وەکوو بووشەهر و کوردستان دەست بە سەر زەمینەکان دادەگرن و لەوانەیە شوڕشێکی خوێناوی وەرێکەوێ کە شۆڕشێکی کومونیستی دەبێ .(کیهان) رێگاچارەی بەربەرەکانی دەگەڵ شۆڕشدا لەوەدا دەبینێ کە رژیمی مالیک و مەملوک و رەعیەت و ئەرباب جێگای خۆی بدا بە ئوسوولی وردە مالیکی، یانی رەعیەت یا وەرزێر ببێتە کەشاوەرز یا سەرمایەدار.

قودرەتە ئیمپریالیستیە کان بە تایبەت ئەمریکا ، ئینگلیس ، فەڕانسە وەک میللیەکان و محافەزە کارانی ئێران گوندە نیوە فئوداڵیەکانی وڵاتیان بە یەک لە گرینگترین سەنگەرەکانی شەڕێ خۆیان لەگەڵ کومونیزم دەزانی و ئەو دوو لایحەیان نەک بە مەسەلەیەکی داخیلیی ئێران بەڵکوو وەک حەرەکەتێک لە مەیدانی شەڕی دوو ئوردووگای سەرمایەداری و کومونیسم دا دەدیت .پێیانوابوو ئەو بەربەرەکانیە پێش ئەوەی لە مەیدانی ئابووری و بەرهەمهێناندا بێ خەباتێکی سیاسی بوو . وەرزێرانی

ئێران زەخیرەی بورژوازی دەبن یا پرۆلتاریا؟سەیر نییە کە سەفارەتخانەکانی ئینگلستان و بریتانیا مەتنی لایحەکان و لێکدانەوەی خۆیان لە سەریان بیلافاسیلە بە دەوڵەتەکانی خۆیان راگەیاند.

جۆرج هامفری میدلتون سەفیری ئینگلستان لە ئێران لە ٢٥ ی مانگی ئوتدا خەبەری دوولایحە و لێکدانەوەی خۆی بە رویێرت ئانتونی ئیدن وەزیری خاریجە راگەیاند . ئەهەمییەتی مەوزووع بۆ ئینگلستان هێندە بوو کە میدلتون روونووسی ئەو زانیاریانەی بۆ سەفارەتی ئینگلستان لە واشینگتون ، رەئیسی دەفتەری خاوەرمیانەی بریتانیا لە میسر و شوعبەی پەرەپێدان لە بەیرووت نارد. بە عەقیدەی میدلتون ئەو بەرنامەیە تەنانەت ئەگەر دەگەڵ موخالەفەتی خاوەن مڵکەکانیش بەرەوروو نەبێ ، بەرداشتێکی بەرزەفڕانە لە دێموکڕاسی گوندە، کە گەیشتن پێیان نیازی بە ئینرژی، تەجرەبە و ئیبتیکاری عەمەل هەیە کە لە بەینی وەرزیرانی ئێراندا نەناسراوە. هەروەها پێیوابوو زوربەی مالیکەکان پشتیوانی ئەو بەرنامەیە نین و لە بارودۆخی ئێستادا شانسێکی کەم بۆ باشکردنی وەزعی لادێیەکان هەیە. دەگەڵ ئەوەی  میدلتون پێیوابوو ئەو پرۆژەیە لە بارودۆخی سباتی ئێراندا دەیتوانی هەنگاوێک لە ڕێبازێکی دروست دابێ بەڵام حیزبی توودە بە بێ شک لەو فرسەتە کەڵک وەردەگرێ تا بەینی وەرزێر و خاوەن مڵک کێشە هەڵایسێنێ . هەروەها ئیمکانی ئەوە هەیە نفووز بکاتە نێو شووراکانەوە . لایحەکە ئەگەر بە باشیش پیادە نەکرێ دەبێتە هۆی کزبوونی قودرەتی خۆ جێیی مالکەکان و لەو شەش حەوتووەی رابردوودا بەرچاو کەوتووە.

لە ئەمریکا رۆژنامەی نیویورک تایمز لە ڕێکەوتی ٩ ی سپتامبردا لە راپۆرتێکدا لە تارانەوە نووسی:

خاوەن مڵکەکان دەگەڵ بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزیی دوکتور موسەدیق موخالەفەت دەکەن و بگرە و بەردەیەک بەینی ئەوان و وەرزێران هاتۆتە ئاراوە و سەرۆک وەزیر بۆ ئەنجامی بەپەلەی لایحەکە هێندێک هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. رۆژنامەکە گوزارشێکی جێی باوەڕی سەبارەت بە ناکۆکی نەزەر لە سەفارتی ئەمریکا لە بارەی زەمینداریەوە نووسیوە و دەڵێ بەشێک لە ئەندامانی سەفارەتخانە پێیانوایە مالیکەکان نوێنەری بارودۆخی مەوجوود و گارانتیەک دژی بڵاو بوونەوەی کومو نیزمن لە حاڵێکدا بەشێکی دیکەی ئەندامانی سەفارەت پێیانوایە دروستکردنی چینی وەرزێری سەربەخۆ پێویستە. هەرچەند بەرپرسانی ئەسڵی ٤  لایەنگری بۆ بەرنامەی دێموکراسی لادێ دوکتور موسەدیق دەردەبڕن بەڵام لە مەحافیلی دیپلۆماتیک سەرنج دەدرێتە مەترسی و موشکیلاتی ئەو پرۆژەیە و ئیستدلال دەکرێ کومونیستەکان دەتوانن لە شووراکانی وەرزێرەکان بۆ نفووزکردن کەڵک وەرگرن و ئەو لێکدانەوە دیپلوماتیکە بۆتە هۆی ئەوەی گەنجە پێشکەوتووەکان لە تاران ئەمریکاییەکان بە مورتەجیع و ئەمپریالیستی لە قەڵەم بدەن.

بەوجۆرە ئەمریکا و ئینگلیس هەردووکیان دەگەڵ بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزی دوکتور موسەدیق موخالەفەتیان دەکرد چونکە ئیمکانی بە کومونیستەکان دەدا لە جووڵانەوەی وەرزێریدا هەڵسوورین و وەرزێرەکان لە شەڕی پارتیزانیدا هاودەنگ بکەن و بەرنامەی ئینقلابی کومونیستی بەرنە پیشێ.

(خواندنیها) لە یەکی شەهریوەری ١٣٣١ دا نووسی :

مەترسی کومونیسم لە ئێران بۆتە مەشغوولییەتی لەندەن و واشینگتون بە جۆرێک کە مەسایلی نێو نەتەوەیی کەمرەنگتر دەبینن و دیپلو ماتەکانی ئێران و ئینگلیس شەوورۆژ لە وتووێژدان کە بەرگری ئەوە بن شتێکی وەکوو فاجعەی چین لە ئێران روونەدا.

ویلیام داگلاس قازیی دیوانی بەرزی ئەمریکا لە کاتی دیداری لە ئێران لە وتارێکدا لە ڕێکەوتی ئاوریلی ١٣٥٢ کوتی سیاسەتی ئەمریکا داکۆکی لە مالیکەکان و فئودالیسمە لە حالێکدا بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ کومونیسم دەبێ بە قازانجی گەل و وەرزێران و دژی مالکین عەمەل بکا و روونیکردەوە کە قودرەتی کومونیسم بە هۆی دژبەریکردنی فئودالیسم دەستەبەر بووە . ئەمریکا بە سەرنجدان بە بنەمای ئازادیخوازی و عەدالەت نابێ وەزعی فئودالیسمی ئێستا کە کومونیستەکان بە هۆی موخالەفەت دەگەڵی بە هێز دەبن تەقویەت بکا. لە ناو بردنی وەزعی مەوجوود بە مانای لە ناوبردنی بەشێک لە مالیکەکانە.

ئەنجامی ئەو عەمەلە بە هیچ جۆرێک بە سەرمایە و دارایی و بومبی ئەتوم مەیسەر نابێ . ئەوە شۆرشێکە دەبێ بەردەوام بێ و ئێمە هەرکاتێک بۆ دابەزاندنی ئەسڵی ٤ دەچینە وڵاتێک، دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ. ئێمە بۆ گشت خەڵکەکە کار دەکەین نەک بۆ مالیکەکان. ئەسڵی ٤ ئامرازێکی سیاسیە و مادام ئەو ئەسڵە لە لایەن ئەمریکاوە ئیجرا دەکرێ دەبێ دولار، ئەفکار و بیری ئەمریکا بە شێوەی سادەی ئەمریکایی تێیدا بە کار بهێندرێ . ویلیام دوگلاس پێی ناخۆش بوو کە ئەمریکا لە یاریدادانی دوکتور موسەدیق خۆی پاراستووە و سەرۆکوەزیرانی ئێران ناچار بووە بە دەستی بەتاڵ ئەو وڵاتەی بە جێ بێڵێ. نابراو ئیشارەی بە بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزی دوکتور موسەدیق کرد و کوتی :

ئەو پرۆژەیە وەکوو بەرنامەی ئیسلاحاتی ئەرزیی (هومستد آکت ) دەچێ کە مالکییەتی زەمینداریی گەورە سنووردار دەکا. هەروەها کوتی موسەدیق کەسێکی دارا و ئاریسوکراتە بەڵام ئاگای لە ئیحتیاجاتی خەڵک هەیە و دەزانێ ئەگەر بەراوەردە نەکرێ چ مەترسیەک دێتە ئاراوە.

وەرگیراو لە کتێبی (شورش دهقانان مکریان ) نووسینی ئەمیری حەسەنپوور. لە فارسیەوە کراوەتە کوردی